پێنج ناوم هەیە: من موحەمەد، وئەحمەد، ومن (ئەلماحی:الماحِي)م کە بەهۆی منەوە خوای گەورە کوفر ناهێڵێت، ومن (ئەلحاشیر:الحاشر)م لە پێش خەڵکی زیندوو دەکرێمەوە، ومن(ئەلعاقیب:العاقِب)م

لە جوبەری کوڕی موتعیمەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «پێنج ناوم هەیە: من موحەمەد*، وئەحمەد**، ومن (ئەلماحی:الماحِي)م کە بەهۆی منەوە خوای گەورە کوفر -بێباوەڕی- ناهێڵێت -و لەناوی دەبات-، ومن (ئەلحاشیر:الحاشر)^م لە پێش خەڵکی زیندوو دەکرێمەوە -حەشر دەکرێم-، ومن(ئەلعاقیب:العاقِب)^^م». *(هەموو سیفەتە چاک وباشەکانی تێدایە)، **(زۆر سوپاسگوزارە وحەمدی -خوای گەورە- دەکات)، ^(هەروەها لێکدانەوەیەکی تر بۆ مانای ئەم ناوە کراوە ئەویش ئەوەیە خەڵکی لە لای ئەو کۆ دەبنەوە لە قیامەتدا)، ^^(واتە: کۆتا پێغەمبەرە وهیچ پێغەمبەرێک لە پاش ئەو نایەت کە پەیامێکی تر بهێنێت وئیسلام کۆتا پەیامە بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام پێغەمبەر عیسا -علیه السلام- لە قیامەت دادەبەزێت لە ئاسمانەوە بەڵام وەکو پێغەمبەرێک نایەت کە پەیامێکی تری هێنا بێت بەڵکو خۆی پێغەمبەرە و وەکو فەرمانڕەوایەک دێت بۆئەوەی ڕێگای ڕاست بە جولەکە وگاورەکان نیشان بدات وببێتە بەڵگە لەسەریان وحوکم بە شەریعەتی ئیسلام دەکات)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- لەم فەرموودەیەدا پێنج لە ناوەکانی خۆی بۆ هاوەڵان باسکردووە: موحەمەد*، وئەحمەد**، و(ئەلماحی:الماحِي) کە بەهۆی ئەو خوای گەورە کوفر -بێباوەڕی- ناهێڵێت -و لەناوی دەبات-، وهەروەها بەهۆیەوە کافرە سەرکەش وملهوڕەکان لەناودەبات، (ئەلحاشیر:الحاشر)^ە لە پێش خەڵکی زیندوو دەکرێتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا -لە پێش هەموو خەڵکی حەشر دەکرێت-، و(ئەلعاقِب)^^ە. ئەم فەرموودەیە مانای ئەوە نییە کە پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- تەنها ئەم پێنج ناوەی هەیە، بەڵکو ناوی تریشی هەیە کە لە فەرموودە سەحیحەکاندا هاتووە، وەکو: (لمقفي، ونبي الرحمة، ونبي التوبة). *(هەموو سیفەتە چاک وباشەکانی تێدایە)، **(زۆر سوپاسگوزارە وحەمدی -خوای گەورە- دەکات)، ^(هەروەها لێکدانەوەیەکی تر بۆ مانای ئەم ناوە کراوە ئەویش ئەوەیە خەڵکی لە لای ئەو کۆ دەبنەوە لە قیامەتدا)، ^^(واتە: کۆتا پێغەمبەرە وهیچ پێغەمبەرێک لە پاش ئەو نایەت کە پەیامێکی تر بهێنێت وئیسلام کۆتا پەیامە بۆ مرۆڤایەتی، بەڵام پێغەمبەر عیسا -علیه السلام- لە قیامەت دادەبەزێت لە ئاسمانەوە بەڵام وەکو پێغەمبەرێک نایەت کە پەیامێکی تری هێنا بێت بەڵکو خۆی پێغەمبەرە و وەکو فەرمانڕەوایەک دێت بۆئەوەی ڕێگای ڕاست بە جولەکە وگاورەکان نیشان بدات وببێتە بەڵگە لەسەریان وحوکم بە شەریعەتی ئیسلام دەکات)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10860